KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION
KAA
کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

KTRC 2005
دەستەی کوردستانی
بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمیە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان، (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) دەری دەکەن.
خولی سێیەم، بەشی (B) ، ژمارە (٤) ، ئەیلولی ٢٠١٥

سەرۆکی بۆرد و سەرنووسەر
**پ. د. پۆلا ئازاد خانەقا**

سکرتێری نوسین
**پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

**دەستەی نوسەران**
پ. ی. د. نەوزاد محەمەد ئەحمەد
پ. ی. د. جەمشید حەیدەر حەیدەری
پ. ی. د. عەلی قادر عوسمان
پ. ی. د. عەباس مستەفا عەباس
د. هێرش ڕەسوڵ موراد
د. ئازاد حەمە عەبدوڵلا
د.دانا ئەحمەد مستەفا

بەڕێوەبەری هونەری:
م.محەمەد کەریم ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران
پ.د. موحسین موحەمەد حوسێن
پ.د. محمد دلێر امین میسری
پ.د. جەواد فەقێ عەلی
پ.د. کاوە محمد فرج قەرەداخی
پ.د. فاتیمە رشید حسن باجەلان
پ.د. زرار سەدیق شوانی
پ.د. مارف عومەر گوڵ
پ.د. شەوبۆ عەبدوللا مەلا تایەر
پ.ی.د. دلێر ئەحمەد حەمەد
پ.ی.بێستون عەلی کەریم

هەرێمی کوردستان- سلێمانی - دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی
ژمارەی مۆبایلی سکرتێری گۆڤار: 07701564576
Email: sarwary74@yahoo.com E-mail: info@kajournal.org
Website: http://www.kajournal.org

دیزاین و هونەری: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی سەردەم

گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

شەبەك، مێژوو و زمان و باوەڕیان
د. نەجاتی عەبدوڵڵا................................................................................ ٩
خوێندنەوەیەکی شیکاری لە سەر قۆناغەکانی رۆژهەڵاتناسی و گەشەسەندنی
د. احمد رضا احمد ..................................................................................... ٣١
ململانێی دەسەڵات لە دەوڵەتی ساسانی دا ٢٢٤-٤٩٩ز
د. کامران محمد جلال مجید ........................................................................٦٧
هەلسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان ، خولی گرێدانی یەکەم ، خولی چوارەم ، (٢٠١٣/١١/٦ -٢٠١٤/٧/٢٤)
پ.ی.د.سەروەر عبدالرحمان عمر، م.ساکار عزیز رشید............................................... ٨٧
پرۆژەی ئەتۆمی عێراق (Osirak) لە نێوان کاردانەوەی سەربازی ئیسرائیل و هەڵوێستی سیاسی ئەمریکادا (١٩٧٦-١٩٨١ )
م. ی. گۆران ئیبراهیم صالح .........................................................................١٢٩
لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری دەربارەی ڕاو بۆچوونی تاکی کورد سەبارەت بە ئەنجامدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد
د. دڵشاد شاکر ئیسماعیل بۆتانی ..................................................................... ١٥٧
مۆری دەنگی (تایبەتمەندیی دەنگی قسەکەر)
م. ی شادان شکر صابر...............................................................................١٧٧
ڕۆڵی کامێرا لە فلیمی دۆکۆمێنتاری دا « کەناڵی BBC بە نموونە»
کاوە عزالدین عبدالرحمن ، یوهان عوسمان حمە حسین ، پاڤێ جمیل ئەحمەد ......................١٩١

# شەبەك، مێژوو و زمان و باوەڕیان

**د. نەجاتی عەبدوڵڵا**
**ئەندامی كارا و جێگری سەرۆكی ئەكادیمیای كوردی**
najat_abdulla2000@yahoo. fr

## پێشەكی

تا ئیستا ئیتنۆلۆجیای شەبەك بەشێوەیەكی دروست دیاری نەكراوە، كۆمەڵگەیەكی ئەتنۆگراف فرە–مەزهەب و فرە–ڕەگەز و فرە–زمانن هەم لە ئاستی مەزهەب و هەم لە ئاستی زمان و هەم تاڕادەیەك لە ئاستی پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیشەوە دابەشبوون. كێشەی گەورەی لێكۆڵینەوە لەبارەی شەبەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوەی زانستی و بێ لایانە زۆر كەم لەبارەی ئەم تایەفەوە نووسراوە. توركەكان و ئەوانەی لەبەرژەوەندی توركیایان نووسیوە بێ لێبران دەیانەوێ بنچینەی شەبەكەكان بكەن بە تورك و چوارچێوەیەكی توركی بدەنە شەبەكەكان. ئەوە ڕاستە كە زمانی ئاداب و مەراسیمی ئایینی (بەشێكی زۆری) شەبەكەكان هەر وەك كوردە عەلەوییەكانی ئەنادۆڵ بە توركییە، ئەوە هەر لەبەر ئەوەیە كە زۆربەی جار وادەزانن شەبەكەكان توركمانن، بەڵام نابێ ئەوە لەبەرچاو نەگیرێ كە زمانی دایك بۆ زۆربەی زۆری شەبەكەكان دیالێكتی گۆرانی (هەورامانی–ماچۆ)یە. لەسەر ئەم بنەوانە هەموو ئەو تێزانەی پشتگیری لەوە دەكەن كە شەبەك تورك بن و لە توركیاوە هاتبن لەبەرانبەر ئەم ڕاستییەدا هیچ پشتیوانەیەكی مێژوویی و بنەوانێكی زانستییان نییە. مەزهەبی شیعەگەرای شەبەكەكان هەر هەمان ئەو مەزهەبە شیعە سۆفیگەرییە–قزڵباشییەیە كە لەنێوان سەدەكانی پانزەهەم و شانزەهەم لە ئێراندا بڵاو بووە. بۆیە بە هەموو شیمانەیەك (بەشی زۆری شەبەكەكان) ئەو هۆزە كوردانەن كە لە جنووبی ئێرانەوە لە سەدەكانی پانزەهەم و شانزەهەم تەریقەی سۆفیگەرییان وەرگرتووە (بە ڕوویێكی تایبەتی عەشیرەتی باجەلان) و دواتر لەبەر هەر هۆكارێك بووبێ پەریوەی شوێنی ئێستایان بوون. دوای پەرەگرتنی ناسیۆنالیزمی عەرەبیش لە شێستەكانی سەدەی ڕابووردوو شەپۆلی تەعریب دەستی پێكرد و تەنانەت ناوی گوندەكانیشان گۆردرا بۆ ناوی عەرەبی. ئەمڕۆش شەبەكەكان دوای هێرشەكانی داعش لەبەردەم هەڕەشەیەكی زۆر ترسناك دان كە ئەویش هەڕەشەی سڕینەوەیانە بە یەكجاری لەسەر خاكی باب و باپیرانیان. گرفتی سەرەكی لە نووسینەوەی ئەم باسە بەروویێكی گشتی كەمی سەرچاوەی برواپێكراو و پەرش وبڵاوی سەرچاوەكان و كەمی لێكۆڵینەوەی زانستییە لەم

بوارەدا. ئامانج لـەم لێکۆڵینەوەیـە پێشکەشـکردنی باسـێکی ئـەکادیمی و بـێ لایەنانەیـە لـەبارەی ئـەم تایەفـە کـە لـە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا هیچ بایەخێکی پێنەدراوە و دەکرێ بڵێین لاپەڕەیەکی تەواو سپییە، جگە لـەوەش هۆکـارێکی دیکەش کە هانی ئێمـەی دا بـۆ نووسـینی ئـەم باسـە ئـەم شـێواندن و چەواشـەکارییانەیە، کـە بـە زمـانی عـەرەبی بـە تایبەتی لەبارەی ئەم تایەفەوە نووسراون. لەسەر ئەم بنەوانە ئەم باسە بەو مەبەستە نووسراوە هاوکارییـەك بکـات لـە نووسینەوە و ناساندنی ئەم تایەفـە و دواجـار ببێتـە هانـدەرێکیش بـۆ چـەندین لێکۆڵینـەوەی زانسـتیی دیکـەی تێـر و تەسەل لەبارەی هەموو لایەنەکانی ئەم تایەفە کوردییـە فـەرامۆشـکراوە. گـرفتی گـەورەی توێژنـەوە لـەم باسـە کـەمی سەرچـاوەی ڕەسـەن و بڕواپێکـراو و جگـە لـەوەش خۆشـیان تایەفـەکی نەخوێنـدەوار بـوون و هـیچ سەرچـاوە و کەرەسەیەکی تایبەت بـەخۆیان لەبەردەسـتی توێـژەر دانییـە، کـە یاریـدەدەری ئـەو کەسـانە بکـات کـە بیانـەوێ لـەم بەستێنەدا توێژینەوە ئەنجام بدەن. گرینگترین سەرچاوەکانی ئـەم باسـە ئـەو سەرچـاوانەن کـە بـە زمـانی عـەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی نووسراون. بۆ ئـەم مەبەسـتە کتێبەکـەی ئەحمـەد شـوکت (الشـبك: الکـورد المنسـیون)، حامیـد ئەحمەد صەراف (الشبك من فرق الغلاة في العراق)، هەروەها وتارەکەی کەرمەلی (تکفهة الادهان في تعريف ثلاثـة اديـان) جگـە لـەوە بـە زمـانی ئینگلیـزی لێکۆڵینەوەکـەی مـارتن ڤـان بروێنسـن ( A Kizilbash Community in Iraqi The Shabak and the Kakais: Dynamics of Ethnicity in Iraqi ) لێزینبێـرگ (Kurdistan: The Shabak Kurdistan) و بە زمانی فەرەنسایش کتیبەکـەی ڤیتـال کیـونێ (La Turquie d'Asie) تاقـە سەرچـاوەی دەگمـەن بوون کە زانیاری و کەرەسەی باشیان تێدا بوو. ئەمە سەرباری ئەوەی سـوودێکی زۆرمـان لـە ئینسـکلۆپیدیای ئیسـلام (چـاپی فەرەنسـایی) و کتێبـە مێژووییـەکانی مێـژووی سـەدەکانی ناوەراسـتی گـەرۆك و جوگرافیناسـە عـەرەب و موسڵمانەکان وەرگرتووە.

## سنووری جوگرافیایی و نشینگە

شەبەکەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لـە ڕۆژهـەڵاتی شـاری مووسـڵ نیشـتەجێن. لـە مووسـڵ لـە گونـدەکانی قـەزای مووسڵ و قەزای حەمدانییە (٤٥ گوند) یان هەیە و هەروەها دوو گوندیشیان دەکەوێتـە قـەزای تلکێـف (سـەیید گـوڵ و باعەوێسە)، جگە لەوە لەناو شاری مووسـڵیش گروپێکـی شـەبەك هەیـە. ناوچـەی شـەبەك کەوانەیـەك پێکـدەهێنێ کـە پانییەکەی (٢٥ بۆ ٤٥ کم) دەبێت و لە ڕووباری خازرەوە لە ڕۆژهەڵات دەستپێدەکات تا دەگاتە ڕووباری دیجلـە لـەناو شاری مووسڵ لە ڕۆژئاوا و لـە باکوریشـەوە لـە چیای نزمـی باسـخرە و چیـای زەردك و قـەزای تلکێـف تـا مەڵبەنـدی ناحییەی نەمروود لە باشوور درێژ دەبێتەوە[1] و کەوانەیەك لـە دەوروبـەری لای بـاکوور و بـاکوور-ڕۆژهـەڵاتی مووسـڵ دروست دەکات. دابەشبوونی کارگێریی گوندەکانی شەبەك نشین بەمشێوەی خوارەوەیە:

### یەکەم/ قەزای مووسڵ:

١- ناحییەی بەعشیقە گوندەکانی:

١-ئەبو جەربوعە ٢-ئۆرتە خەراب ٣- باریلە ٤-بـازێوە ٥-بایوخـت ٦- تـەلیارە ٧- تیسـە خـەرابی گـەورە ٨- تیسە خەرابی بچووك ٩-خورسـیباد ١٠-دەراویـش ١١-سماقیـە ١٢- تـۆپزاوە ١٣- عەبباسسـیە ١٤-عومـەر قامچـی

---

[1] خەسرۆ گۆران: کورد لە پارێزگای مووسڵ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٩١

١٥–فەزیلە ١٦– قەرەتەپە ١٧–گۆر غەریبان ١٨–كانوونە ١٩–گۆگجەلی ٢٠–ناوران (هەروەها ٢١–گوندی (ئەرپەچییە) لە ناوەندی قەزای مووسڵ). [١]

## دووەم/ قەزای حەمدانییە (ناحییە نەمروود، ناحیەی كەلەك و ناحییەی حەمدانییە):

١–ناحیەی نەمروود گوندەكانی: ١– جەدیدە ٢–خەرابە سوڵتان ٣–عومەركان ٤–قەرەشۆر ٥–ترقشە.

٢–ناحیەی كەڵەك گوندەكانی: ٦–مەغنییە ٧–بەدەنی بچووك ٨– بەدەنی گەورە ٩–زەهرە خاتوون ١٠–چەمەكۆر ١١– شیرەكان.

٣–ناحییەی حەمدانییە گوندەكانی: ١٢–بازگرتان ١٣–باش تەپە ١٤–باسخرە ١٥–خیلیپوخان ١٦–خەزنە ١٧–حوتیلە ١٨– شاقولی ١٩ –شێخ ئەمیر ٢٠–تەبرق ٢١– زیارەت ٢٢–تەیراوە ٢٣–عەلی ڕەش ٢٤– منارە شەبەك.

٤–قەزای تلكێف گوندەكانی: ٢٥–سەیید گوڵ و ٢٦– باعەوێسە. [٢]

ئەمە جگە لەوە گروپێكی شەبەك لەناو شاری مووسڵ خۆی لە گەرەكەكانی: ئەلقودس، ئەلكرامە، ئەلخەزرا، ئەلنعمانیە، ئەلجەزائیر، ئەلفەیسەلییە و ئەلدەرگەزلییە دەژین، هەروەها لە شارەكانی كەركوك و هەولێر و لە بەغداش گرووپێكی شەبەك كەم و زۆر دەژین.




[١] خەسرۆ گۆران، هـ. س (هەمان سەرچاوە)، ل ٩٤

[٢] خەسرۆ گۆران، هـ. س. پ، ل ٩٤







شوێنی هۆزەکانی شەبەك لە قەزاكانی: حەمدانییە، مووسڵ و تلكێف، سەرچاوە: خەسرەو گۆران: س. پ، ل ٩٣

## بنچینه و مێژوو

لەبارەی بنچینەی شەبەك بیروڕای جیاجیا و ناكۆك هەیە. ناوی شەبەك بەمشێوەیەی ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی پێش هێرشەکانی مەغۆل لە شوێنی نیشتەنی ئێستایاندا لە مووسڵ ئاماژەیان پێ نەکراوە. یاقووتی حەمەوی نووسیاری کتێبی (معجم البلدان) کە لەنێوان ساڵەکانی (١٢٢٢–١٢٢٤) نووسراوە باسی بڕێك لە ئاواییەکانی ئێستای شەبەکەکان دەکات وەك: (خرستاباد)، (فەزیله) و (باجربوعة) و (باشمنایا) و هی دیکە [١]، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناوی (شەبەك) وەك گروپێکی ئیتنی لەم ناوچانەدا نابات. شیمانەی بەهێز بۆ ئەمە ئەوەیە کە لەو سەروبەندەدا واتە لە نیوەی یەکەمی سەدەی سیانزەهەم شەبەك هێشتا بۆ ناوچەی ئێستای مووسڵ کۆچیان نەکردبوو یان بەلای کەمییەوە بەم ناوە ئیتنیکییەوە نەناسرا بوون. هیچ گەریدە و وڵاتناسێکی موسڵمان و عەرەب باسی شەبەکیان بەوشێوەی کە ئیستا ناویان دەهێنرێت نەکردووە. ئەلعومەری (١٣٨٤ز) لە کتێبی (*مسالك الابصار فى ممالك الامصار*) باسی گروپێك دەکات بەناوی (شول لە هەرێمی شوانکارە لە ئێران) وەك گروپێکی کوردی [٢] کە گومان دەکرێت هەمان هۆزی شەبەك بن بەر لە کۆچکردنیان بۆ مووسڵ. مەقریزی لە کتێبی (*السلوك لمعرفه دول الملوك*) لە بەرگی یەکەمدا لەبارەی ڕووداوەکانی ساڵی (٧٤٩ کۆچی/ ١٣٤٨–١٣٤٩ زایینی) لە پێشەکی کتێبەکەیدا باسی (٢١) هۆزە ناودارەکانی کوردیی سەردەمی عەبباسی دەکات و یەکێك لەو هۆزانەش کە ناوی بردووە (الشنبكيه) و لە ڕیزی هۆزە کوردەکانی داناوە[٣]. ڕەنگە هیچ گومانێك لەوەدا نەبیت کە (شنبك) (شەبەك) ی ئێستایە و بۆ ئاسانی گۆکردن پیتی (نون)ەکە خوراوە و ئەمە بەڵگەیەکی زۆر زیندووە لەسەر ئەوەی لەو سەردەمە شەبەك بەشێك بوونە لە هۆزە ناوادارەکانی کوردی سەردەمی عەبباسی. شیمانەی بەهێز ئەوەیە کە شەبەکەکان بەشێك بوون لە هۆز و تیرەی جیاجیای کوردیی لە کۆنفیدراسیۆنی گۆران–باجەلان کە پێشتر هەڵگری ڕاز و نیازی سۆفیگەرانەی تەریقەتی سەفەوی بوو بن لە شوێنی خۆیان جیابوونەتەوە و بە شیمانەی زۆر لەدوای هێرشەکانی مەغۆل لەنێوان نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەهەمی زانیینی و نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمی زایینی لە ناوچەکانی کرماشان–قەسری شیرین–کەنگاوەر لە ئێرانەوە لەبەر هەر هۆیەك بووبێ پەریوەی شوێنی ئێستایان بووبن لە مووسڵ. ڕەنگە لەم مێژووە بەدواوە ناوچەکە بەردەوام هۆز و ئیتنی جیاوازی دیکەش کۆچی کردبی بۆ ناوچەکە و لەناویاندا توابووبنەوە. ناوچەکە شوێنێکی نزیك ئاو و نزیك بە شارێکی گەورەی وەك مووسڵ بووە، بۆ نموونە هیچ دووریش نییە وەك هەندێك لە سەرچاوەکان باسی دەکەن، لە دەورانی حوکمرانی قەرە قۆینلۆ (١٤١٠–١٤٦٨) و ئاق قۆینلۆ (١٤٦٨–١٥٠٨) بڕێك عەشیرەتی تورکزمان لە ئاوایی شەبەکەکان جێگیر بوو بن، و دواتر لەناو شەبەکەکاندا مابنەوە. هەروەها ڕەنگە کریستیانیش لەناوچەکەدا نیشتەجێ بووبن، تەنانەت ناوی بڕێك لە گوندەکانیان مەسیحییە وەك: (بازەوایا، باجوربەعە) پێدەچێ ناوەکانیان مەسیحی بێت. ڕاستییەکەی شەبەك تاوەکو دوادواییەکەی سەدەی

---

[١] بروانه: ياقوت الحموي الرومي البغدادي: معجم *البلدان*، دار صادر، بيروت، لبنان، ١٩٧٧، (باشمنايا)، ج (١)، ص ٣٢٣)، (خرستاباد، ج (٢)، ص ٣٥٨)، الفظلية، ج (٤)، ص ٢٦٧).

[٢] بن فضل اللة العمري: *مسالك الابصار في ممالك الامصار*، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠١٠، ج ٣، ص ٢١٠

[٣] المقريزي: *السلول لمعرفة دول الملوك*، منشورات محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ج ١، ص ١٠١

نۆزدەهەم و بە تایبەتیش تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم ئیتنییەکی نەناسراو بوون و شتێکی وایان لەبارەوە نە نووسراوە و باس و خواسیشیان لەناو سەرچاوەکاندا زۆر بە کورتی و زۆر بە کەمی هاتووە.

شەبەك هۆزێکی بێوەی بوون و تەنیا خەریکی کشتوکاڵ بوون و بەدەگمەن خوێندەوارییان تێدا هەڵکەوتووە. لەبەر ئەوەی هەم تایەفەیەکی بە ژمارە کەم بوون و هەمیش موسڵمان بوون بۆیە ئەوهێندە وەك (مەسیحییەکان) یان (ئێزیدییەکان) سەرنجی گەڕۆك و گەشتیارەکانیان ڕانەکێشاوە. ڕەنگە یەکەمین ئەورووپایی (هێنری لایارد)* بی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەکاتی کارکردنی لەناو شەبەکەکان باسێکی کورتی شەبەکەکانی کردووە و بە ئیتنییەکی کوردی داناون و پێی وایە لە چیاییەکانی ئێرانەوە بە مەزهەبی شیعەگەرییەوە هاتوون[1]. هەروەها (مس بیل) ئەویش لای وایە کە شەبەکەکان کوردن و لە ئێرانەوە هاتوون. گەڕۆکی فەرەنسایی (ڤیتال کیونی) ساڵی ١٨٩٠ لە پاریس لە کتێبی (تورکیای ئاسیایی) باسی شەبەکەکان دەکات و کۆمەڵێك زانیاری بەدەستەوە دەدات کە دواتر (کەرمەلی) و (مینۆرسکی) بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانە وەکو خۆی دووبارە دەکەنەوە. کیونێ لە ڕیزکردنی ڕەگەزی دانیشتوانی موسڵ لەناو خانەی موسڵمانەکاندا (شەبەك) ی وەك ئیتنییەکی جیاواز و سەربەخۆ نووسیووە و لەگەڵ هیچ ئایین و نەتەوەیەکی دیکەی نەداون. دواتر (باوکە کەرمەلی) لە ساڵی(١٩٠٢) لە باسێکدا بەناوی (*تفکهة الادمان في تعریف ثلاثة الادیان*) باسێکی کورتی شەبەك دەکات و بەبێ هیچ گومانێك بە کوردیان دادەنێ. مارك سایکس-یش کە هەموو کوردستانی عوسمانی گەڕاوە ساڵی (١٩٠٨) لە وتارەکەیدا چەند سەرەقەڵەمێکی لەبارەی شەبەك نووسییوە و لەناو ڕیزی هۆزە کوردەکانی داناون [2]. دواتر لە (ئینسکلۆپیدیای بریتانیکا) لە دەستپێکی سەدەی بیستەم (١٩١١) شەبەك وەکو هۆزگەلی کورد ناویان هاتووە.

ڕاستییەکەی هەوڵی شێواندنی ناسنامەی شەبەك لەگەڵ پرسی ویلایەتی مووسڵ لەنێوان بەریتانیا و تورکیا دەستی پێکرد و پرسی ناسنامەی شەبەك و بنچینەی تورك بوونی شەبەك ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ سەروبەندی یەکلاییکردنەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵ لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، تورکەکان دەیانویست بە هەموو شێوەیەك ژمارەی تورکمانەکان لە ویلایەتی مووسڵ زیاد بکەن بۆیە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بوون هەموو ویلایەتی مووسڵ بە تورك لە قەڵەم بدەن. وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ساڵی ١٩٢٠ ژمارەی شەبەکی بە دە هەزار (١٠,٠٠٠) کەس لە قەڵەم داوە، بەڵام حکوومەتی تورکیا لای وایە تورکەکان لە ڕۆژهەڵاتی مووسڵ بڵاوبوونەتەوە و لە تەلەعەفەر و ئەو شارۆچکانەی دەکەونە سەر ڕێی هەولێر-کفری و هەروەها ئەو دەهەزار شەبەکەش دەبێ هەر هەموویان بە

* ئۆستن هێنری لایارد (پاریس ١٨١٧- لەندەن١٨٩٤). پیاوی دەوڵەت و ئاشووریناس و ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیز لە خانەوادەیەکی فەرەنسایی لە دایك بووە و لە ساڵی ١٨٣٣ لە لەندەن نیشتەجێ دەبێت. لە ساڵی ١٨٣٩ چۆتە ڕۆژهەڵات و تا ساڵی ١٨٤٩ لە ڕۆژهەڵات کاری هەڵکۆڵینی شوێنەواری کردووە. ساڵی ١٨٥٢ بووەتە ئەتاشەی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئەستەنبوڵ. دواتر بریکاری وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەسپانیا و خاوەنی کۆمەڵێکی زۆر بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسی ناوازەیە لەبارەی ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ.

(1)Matti, Mossa, *Extremist Shiites (The Ghulat Sects)*, Syracuse University Press, New York, 1987, p. 3

(2)Mark Sykes, "The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire," In Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland Journal 38 (1908), P. 455-456

تورکمان یان بە تورك حسێب بکرێن بەو بیانووەی کە لە بنەڕەتدا تورکن [١]. دواتر لەگەڵ پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و لەگەڵ بە دەسەڵات گەیشتنی بەعس ١٩٦٣ هەوڵی بەعەرەبکردنی شەبەك بەردەوام بووە تا ڕۆژی ئێستا. ناونانی شەبەك وەك ئێتنییەکی جیاواز و سەربەخۆ تەنیا بۆ ئەوە بووە شەبەکەکان لە ڕۆنی کوردیی بهێننە دەرەوە ئەگینا ئەوان بەشی زۆریان بەشێکن لە درێژەدەری سیستمێکی هۆزداریی کوردی و مێژوونووسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەریزی هۆزە کوردەکانیان داناون. ئەوروپاییەکان: (لایارد و مسس بیل) و هەروەها (مینۆرسکی) و تەنانەت (کەرمەلی)ش لە هەموان ڕاشکاوانەتر باسی کورد بوونی شەبەکەکانیان کردووە. بە هەمان شێوە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان (١٩٢٥) بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی ویلایەتی مووسڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە شەبەکەکان کوردن. کەرمەلی (١٩٠٢) لای وایە شەیەکەکان: (لە ڕەگەزی کوردیی ڕەسەنن بە زۆری ئەگەرچی برێك ئێرانیشیان لەناودا بێت. شەبەکەکان وەك کورد مەفتولی خولقن ماسولکەیان بەهێزە و باڵایان درێژ و ڕەنگ گەنمیین) [٢]. (عەبباس عەززاوی) پێی وایە شەبەك بنچینەیان بریتییە لە هۆزی (شەبانکارە) و ئەمە ڕێك دووپات کردنەوەی ئەلعومەرییە کە باسی هۆزێك دەکات بەناوی (شول) لە شەبانکارە. لەناو نووسەرە عەرەبەکان (صەراف و شەبیبی) زۆر بە ئاشکرا بنچینەی شەبەك بە تورك دادەنێن.

## ناوی شەبەك

تا ئێستا دیار نییە ناوی شەبەك لە چییەوە هاتووە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە پێشتر هۆزێك بەناوی (شەنبەك) هەبووە دواتر ڕەنگە ناوەکە گۆڕدرابێ بۆ شەبەك. یان شیمانەی ئەوە هەیە ئەم ناونانە زیاتر لەلایەن دراوسێکانییەوە لێیان نرابێت و دواتر خۆشیان ناوەکەیان پەسند کردبێت. نووسەرە عەرەبەکان لە خۆیانەوە ژمارەیەك واتایان بۆ وشەی (شەبەك) بە عەرەبی لێکداوەتەوە: وەك ئەوەی لە (شبك–شبكت الامور: تداخلت و اختلطت و التبست و شبك الشي: انشب بعضها في بعض. یان (شبكت اصابعي بعضها في بعض) و (القرابة)یان لە هەمووی سەیرتر (من يعمل الشباك و جمعها شبابيك) و (شبك يصاد و شبك الماء) و شەبەکەی ڕاووشکار[٣]. یان وەك ئەوەی (جائت التسمية من شبك الشي يشبكة شبكا اي خلطة و انشب بعض في بعض) [٤] و چەندین واتەی سەیرو سەمەرەی تر کە ڕاستییەکەی ئەم ناوانە هیچیان پەیوەندییان بە ناوی ئێتنی شەبەکەکانەوە نییە و تەنیا فانتازیای نووسەرە عەرەبەکان خۆیانە. (ڤینیگرادۆڤ) بۆ ئەوە دەچێ کە شەبەك لە وشەی عەرەبی (شبكە)وە هاتووە بە واتەی (ڕایەڵ، پێکەوەبەستن) دێ، ئەوەش چونکە شەبەك بەواتەی (هێل) دێ بۆ پێکەوەگەیاندن لە ئاماژەدان بۆ ئەو

---

[١] جەرجیس فەتحوللا، *ڕیابوونەوەی کورد: مێژوویێکی سیاسی ١٩٠٠–١٩٢٥*، و: حەسەن جاف، بەرگی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٦٠٢

[٢] الاب انستاس الكرملي: "تكفهة الادهان في تعريف ثلاثة اديان"، مجلة المشرق، بيروت، مجلد ٥، ع (١٢) ١٩٠٢، ص ٥٨٢

[٣] بۆ هەموو ئەم ناونانە سەیرو سەمەرانە بڕوانە، احمد شوكت: الشبك، الكورد المنسيون، حكومة اقليم كردستان، وزارة الثقافة، السليمانية، ٢٠٠٤، ص ص ٤٣–٤٥

[٤] زهير كاظم عبود: الشبك في العراق، (التآخي)، ع ٤١٩٧، ٢٠٠٤/٣/٢٩

ڕاستییە کە ئەوان تێکەڵاوێکن لە گروپی خێڵەکیی و نەتەوەیی (عەرەب، تورك و کورد و هی دیکە) کە ئەوانە لەسەر تەریقەی ئایینی خۆیان و گوێڕایەڵیی بۆ شێخە ڕۆحانییەکانیان بەیەکەوە بەستراونەتەوە[1]. ڕایەکی دیکە هەیە کە وشەی شەبەك لە وشەی (شاه) فارسی و (بەگ) ی تورکییەوە هاتووە و وشەکە (شاه بگلر) بووە و دواتر وشەکە عەرەبێندراوە و بووە بە (الشبك). بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هۆزێکی کوردی بە ناوی (شەنبەك) لە حەوزەی باشووری ئێران هەبووە و دواتر مەقریزی لە کتێبەکەیدا باسی کردووە. لە کوردیشدا زۆرجار پیتی (ن) ئەگەر لە پێش پیتی (ب) بێت دەخورێ و گۆ ناکرێ، بۆیە وشەکە لە (شەنبەك)ەوە بووە بە (شەبەك). بنەڕەتی وشەیەکە هەرچییەك بێت هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە شەبەك ئەو ناوەیە یان ئەو چەترەیە بەدرێژایی چەند سەدەیەك لە کۆمەڵێك هۆزی کوردیی لە ناوچەکە نراون وەك (دونبلی، باجەلانی، کەلهور، ڕۆژبەیانی، زەنگەنە). بەڵگە بۆ ئەمە بۆ نموونە مەقریزی لە کتێبەکەیدا (السلوك لمعرفە دول الملوك) باسی هۆزی (دونبلی) دەکات، کە هۆزێکی کوردین لە ناحییەکانی ڕۆژهەڵاتی مووسڵ دەژین و لە چیای مەقلوب دەژین و لای مەقریزی بە هۆزێکی گرینگی کورد دانراوە[2]. ئەم هۆزەی مەقریزی باسی دەکات ڕێك شوێنی نیشینگەی ئێستای شەبەکەکانە. هەروەها ڕیچ لە سەفەرنامەکەی خۆیدا لە کاتی گەشتەکەی بە ڕێگەی نێوان هەولێر–مووسڵ باسی ئەوە دەکات کە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە زۆربەیان ڕۆژبەیانی و باجەلانی کورد بوون (گروپگەلێك کە بڕاوەتەوە شەبەکن) بەڵام ڕیچ هیچ شتێك لەبارەی ئایینیان باس ناکات[3]. بۆیە ئێمە بۆ ئەوە دەچین، کە هەموو ئەم هۆزانە دواجار بەدرێژایی مێژوو بوون بە بەشێك لە ئیتنییەکی فرە–زمان و فرە–مەزهەب بەناوی ئێستای شەبەك و دواجار هەموویان بەوە ڕازی بوون پێیان بووترێت شەبەك. بۆیە پێمان وایە شەبەك (یەك) هۆزی دیاریکراو نییە و (یەك) بنچینەی دیاریکراویشی نییە بەڵکو ئەم ناوە چەترێکە بۆ ناوی کۆمەڵێك هۆز و تایەفەی دیکە کە زۆرینەیان کورد بوون و هیچ دووریش نییە چەند هۆزێکی تورك یان عەرەبیشیان بەگەڵ کەوتبێت و لەم سۆنگەیەوەیە، کە هەر سێ نەتەوەی تورك و عەرەب و کورد پێ لەسەر بنچینەی شەبەك دادەگرن بۆ خۆیان.

## ئامار و خەملاندنەکان

ڕەنگە هیچ کاتێك ئامارێکی دروستی شەبەکەکان لە ئارادا نەبووبێ بەڵکو ژمارەکان زیاتر خەملاندن بوون و یەکەم کەسیش کە ژمارەی شەبەکی دیاریکردبی گەرۆکی فەرەنسایی (ڤیتال کیونی) بووە لە کتێبەکەی (تورکیای ئاسیایی) چاپی ساڵی ١٨٩٠ لە بەرگی دووەم ژمارەی شەبەك بە دوانزە هەزار (١٢,٠٠٠) کەس دادەنێت[4]. دوای ئەوە

(1) Vinogradov, « Ethnicity, Cultural discontinuity, and power brokers in northern Iraq: the case of the Shabak ». In: American ethnologist, v 1, n° 1, February 1974, p. 210.

(٢) المقريزي: *المصدر السابق*، ص ١٠١.

(3) Michiel Leezenberg ,The Shabak and the Kakais: Dynamics of Ethnicity in Iraqi Kurdistan, Volume 94,Numéro 7, Report ILLC Research and Technical Notes Series, University of Amsterdam, December 1994, p. 4

(4)Cuinet, Vital, La Turquie d'Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure, Ed. E. Leroux, t II, Paris, 1891, p. 767.

وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـا سـاڵی ١٩٢٠ ژمـارەی شـەبەك بـە دەهــەزار (١٠,٠٠٠) کـەس دادەنـێ [١]. سـاڵی ١٩٦٠ حکوومەتی عێراق ژمارەیان بـە پـانزە هـەزار (١٥,٠٠٠) کـەس دادەنـێ[٢] و بـەگوێرەی ئامـاری سـاڵی ١٩٧٧ ی عێـراق ژمارەیان بووەتە هەشتا هەزار (٨٠,٠٠٠) کەس[٣]. ئەمڕۆ هەندێك ناوەند ژمارەیەکی زۆر خـەیاڵیی شـەبەك بەدەسـتەوە دەدەن وەك (نیو ملیۆن) کەس و زیاتریش لەوە تا ئەوەی هەندێك کەس بـە سـەدا چـواری هـەموو دانیشـتوانی عێـراق (لە کۆی ٢٥ ملیۆن) ئەژماریان دەکەن کە ئەوە ژمارەیەکی زۆر خەیاڵییە. خەملاندنی نزیـك لـە ڕاسـتی ئـەمڕۆ لـەنێوان سەد هەزار (١٠٠,٠٠٠) بۆ سەد و پەنجا هەزار (١٥٠,٠٠٠) دانیشتوان دەبێت. [٤]

## زمان و دیالێکت

پسپۆران و زاناکانی زمان، زمـانی کـوردی بەسـەر دیالێکتـەکانی: ١-کـوردیی سـەروو، ٢-کـوردیی ناوەڕاسـت ٣-کوردیی خواروو دابەش دەکەن. زمانی شەبەك (بۆ زۆرینەی شەبەك) بەشێکە لە دیالێکتی کوردیی خواروو کە سـەر بـە دوو بن دیالێکتی گۆرانی (زازا) و (هەورامی)یە و بەشێکە لە لقی زمانە ئێرانییـەکان و سـەر بـە خێزانـی زمانـە هینـدو-ئەورووپییەکانە. زمانی شەبەك هـەر هـەمان گرووپـی زمـانی کاکـەیی و سـارەلی و باجەلانـەکان (یـان باجورانـەکان) ن. لەبەر ئەوەی شەبەك لە ناوچەیەکی دەشتایی دەژین هیچ بەربەستێکی سروشتی نەبووە بۆ خۆپاراستنیان بۆیە زۆر بـە ئاسایی بە درێژایی مێژوو بڕێـك هـۆزی تـورك زمـان و عـەرەب زمـانییش بەگـەڵیان کـەوتوون و لـەم دیدگایـەوە وشـەی تورکی و عەرەبی و فارسی تێکەڵ بە دیالێکتەکـەیان بـووە و هـەر ئەمەشـە وای لـە (مینۆرسـکی) و (کەرمـەلی) و زۆر توێژەری دیکەش کردووە کە بڵێن زمانەکەیان پڕە لە وشەی عەرەبی، فارسی و تورکی و کوردی. زمانی عـەرەبی وەك زمانی قورئان و زمانی تورکی بۆ ئاداب و ڕێوڕەسمی سۆفیگەریی وایکردووە زمانی شەبەك تایبەتمەندێتی خـۆی هـەبێ و لەم دوو زمانەوە وشەی تێبکەوێت. دووری جوگرافیایی شەبەك لە ناوچەی چیاییەکانی هەردوو شـێوەزاری سـەرەکی هەورامی و گـۆرانی (زازا) تایبەتمەندێتییـەکی تایبـەتی بـە زمـانی شـەبەك بەخشـیووە وەك زمـانێکی سـەربەخۆ خـۆی نیشان داوە. بـەڵام زمـانی شـەبەك بـۆ خـۆی بەشـێکە لـە دیـالێکتی کـوردیی خـواروو کـە هـەموو بنزارەکـانی: لـوری، بەختیاری، مامەسینی، کەلهوری، گۆرانی، هەورامی، شەبەکی و باجەلانی) دەگرێتەوە. [٥]

## ئـایین و دابەشبوونی مەزهەبی

لەڕووی ئاینییەوە شەبەك موسڵمانن، بەڵام دابەش بوون بەسەر (موسڵمانی شیعە ٪٦٥) و (موسڵمانی سوننە ٪٣٥) و کتێبی پیرۆزی ئایینی شەبەك وەك هەر موسڵمانێکی ئاسایی (قورئانی پیرۆز)ە و وەکو هەر موسڵمانێکیش نوێژ دەکەن و ئاداب و فەریزەی ئیسلامیی جێ بەجێ دەکەن. ڤیتال کیونی (١٨٩٠) یەکەم کەس بووە کە نووسیویە *((شەبەکەکان نە نوێژ دەکەن و نە ڕۆژوو دەگرن و نە شوێنی کۆبوونەوەشیان هەیە جگە لە مەزاری ئیمام ڕەزا*

---

[1] Foreign Office, Mesopotamia, Handbooks n° 63, London, 1920, p. 8.

[٢] عباس الامامي: الشبك في تاريخ العراق و حاضرة و حقوق الاقليات في قـانون انتخابـات المحافضـات و الاقضـية و النـواحي، شـبكة النبـأ المعلوماتية – الاحد ٢/تشرين الثاني/٢٠٠٨ – ٣/ذي القعدة/١٤٢٩

[٣] عباس الامامي: المصدر السابق

[٤] عباس الامامي: المصدر السابق

[٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فواد حمة خورشيد: اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، مطبعة الوسام، ١٩٨٣، ص ٢٧

*نەبێ)*[1] و لەویشەوە کەرمەلی (١٩٠٢) و دواتر مینۆرسکی (١٩٢٤) هەر هەمان شتیان دووبارەکردۆتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە شەبەکەکان نوێژ دەکەن و وەکو هەموو موسلمانەکانیش مزگەوتیان هەیە. لایارد لای وایە شەبەك نیزیکییان لەگەڵ عەلی ئیلاهی هەیە کە بڕوایان بە یەك لە دوای یەکی تەجسیدی خوداوەندی هەیە، کە یەکێك لەوانە ئیمامی عەلییە[2]. ڕۆژئاواییەکان لە نەزانینەوە وا دەزانن کتێبی (بویروق) کتێبی تایبەتی ئایینی شەبەکەکانە و لەم سۆنگەیەوە وەك چۆن کتێبەکە بە زمانی تورکی ئازەری نووسراوە کەوایە زۆر ئاساییە کە شەبەکەکان تورك بن یان بنچینەیان تورك بێت. هەر لەناو کتێبی بویروق کۆمەڵێك شیعری شا ئیسماعیلی سەفەوەی تێدایە کە نازناوی (خەطایي) بووە و شیعرەکان ڕاستەوخۆ بە تورکی ئازەری نووسراون. بۆیە لەم سۆنگەیەوە ئەگەر وابێ و زمانی دەقی ئایینی بکرێتە پێوەر ئەوا دەبێ شا ئیماعیلی سەفەویش تورك بێ. ئەوروپییەك ڕەنگە لای وابی وەك چۆن قورئان کتێبی پیرۆزی موسڵمانە ئاواش (بویروق) کتێبی پیرۆزی ئایینی شەبەکەکانە بێ ئاگا لەوەی کە ئەمە کتێبی پیرۆزی ئاسمانیی نییە و لە ڕاستیدا شەبەك ئایینێکی تایبەتییان نییە بەڵکو هەر هەموویان موسڵمانن (بە هەردوو چڵی شیعە و سوننە) و (قورئان) کتێبی پیرۆزی ئایینی ئەوانیشە.

## لەنێوان سوفیگەری و مەزهەبگەراییدا : موسڵمان یان هەڵگەڕاوە؟

شەبەك زیاتر دیاردەیەکی سۆفیگەرییانەی قزڵباشییە و لە دەورانی سەفەوییەزو کۆمەڵێك هۆز و تیرەی کورد بوون بە مورید و ئاڵاهەڵگری تەریقەتی سەفەوی و خۆیان بە لایەنگیرانی ئیسماعیل سەفەوی زانیووە. شەبەکەکان زۆر پابەندن بە شا ئیسماعیلی سەفەوی و زۆر بە مەزنی دەزانن تا پلەی پێغەمبەرایەتی، تا ئەو ڕادەیەی کتێبی ئایینی (بویروق) شیعری ئیسماعیلی سەفەوی تێدایە. وا دیارە شەبەکەکان (ئەگەر بەو ناوە بوون یان هەر ناوێکی دیکە) هەر لە دەورانی سەفەوییە بوون بە مورید و لایەنگیرانی بنەماڵەی سەفەوییە و پەیڕەوکارانی عەقیدەی قزڵباش. ئەحمەد حامید صەراف لە کتێبەکەی خۆیدا بەراوردێك لەنێوان شەبەك و بەکتاش دا دەکات و بۆئەوەی بنچینەی تورك بوونی شەبەکەکان بسەلمێنێ لای وایە شەبەك لە بەکتاشی نزیکترە تا قزڵباش [3]، بەڵام ڕاستییەکەی پێچەوانەکەی ڕاستە و شەبەك زیاتر تەریقەیەکی سۆفیگەرانەی تەواو قزڵباشییە، پێوەندییەکیش لەنێوان شەبەك و بەکتاشیدا هەیە بەڵام تەنیا لە ڕووی پراتیکی ڕێوڕەسمی ئایینی و ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی زۆر لاوازە) ئەمەش ئەو ڕاستییە کە شەبەکەکان لە ڕووی پراکتیکی ئایینیەوە زۆر لە پراکتیکی ئایینی عەلەوییەکانی ئەنادۆڵ دەچن.

ڕۆژهەڵاتناس و ئەوروپاییەکان لە خۆیانەوە بە شەبەك دەڵێن گروپی لە (ئایین دەرچوو) و (هەڵگەڕاوە). بەڵام شەبەکەکان خۆیان بە موسڵمان دەزانن و ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوان تەنیا سۆز و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئیمامی عەلی و ئالی عەلی هەیە تا ڕادەی پیرۆزکردن و بۆ ئەم مەبەستەش ئاواییەکییان ناو ناوە (عەلی ڕەش) کە مەزاری زێن عابدین بن حوسینی لێیە لەگەل ئاوایی عەباسییە لەسەر ڕووباری خەوسەر کە مەزاری ئیمام عەباسی لێیە. هەردوو مەزارەکە بۆیە لەوێ دروست کراون بەوپێیەی کە کلگۆی ئەم دوو پیاوەیەی تێدایە بۆ ئەوەی شەبەکەکان

---

[1] Cuinet, Vital, La Turquie dAsie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure, Ed. E. Leroux, t II, Paris, 1891, p. 767.

[2] Matti, Mossa, extremist Shiites (The Ghulat Sects), Syracuse University Press, New York, 1987, p. 3

[3] احمد حامد الصراف: الشبك من فرق الغلاة في العراق، بغداد، مطبعة المعارف، ١٩٥٤، ص ٤٩

سەفەری دوور نەکەن بۆ زیارەتی گلکۆی ئەم زاتانە و ڕێگەی سەفەریان بۆ کورت بێتەوە. مەزارەکان هەردووکیان قوبەیەکی سەلجووقین و شێوەی تاجێکی قزڵباشییان بەسەرەوەیە. شەبەك تایەفەیەکە زۆر جار مەراسیمی سۆفیگەرانە و ئایینی خۆیان بە نهێنی لەناو ناوەندێکی گەورەی ئیسلامی ترادسیۆنی سوونەگەرا مومارەسە دەکەن، ئەمە وای کردووە زۆر درۆی شاخدار و گەورەیان بۆ هەڵبەستن وەك ئەوەی *((دەگێڕنەوە ساڵی جارێك شەبەکەکان لە ئەشکەوتێکی نهێنی کۆدەبنەوە و بە ڕابواردن و کاری خراپەوە شەوی تێدا بەسەر دەبەن، ئەم شەوە هەر وەك بۆ سارەلییەکان ناوی شەوی لەیلەتول کەفشە (لیلە الکفش) باوکە کەرمەلی ئەم وشەیە بۆ بنچینەی وشەی عەرەبی کفش دەگێڕێتەوە کە مانای" دەستبەسەرداگرتن" دەگەیەنێ، لە وانەشە وشەکە زۆر بە ئاسایی لە کەفشی فارسییەوە هاتبێ کە دیاردی بۆ ڕۆلی کەسێك بکات لە کاتی سیرۆمۆنی ڕاو و شکاردا))* [(1)]. ئەو وتەیەی گوایە شەبەکەکان (بە نهێنی کۆدەبنەوە و بە ڕابواردن و کاری خراپەوە بەسەر دەبەن) درۆیەکی زۆر گەورەیە و شەوی کەفشە لای تایەفە ئایینییەکانی دیکەش هەیە کە تێیدا پیاو و ژن بۆ ڕێوڕەسمی ئایینییان کۆدەبنەوە. ئەمە هەڵبەستراوی فانتازمی زۆرێنەی سونەکانی دەوروبەرە و لە قسەی پروپوچ بەولاوە هیچ بناغەیەکی ڕاستی نییە بەڵکو ڕێك بە پێچەوانەی ئەمەوە کۆمەڵگەی شەبەك، کۆمەڵگەیەکە سینگفراوانی و گیانی هاریکاری تێدایە و ڕێزگرتنی لای بەرانبەر و ئەخلاقی بەرزی ئیسلامی تێدایە کە زۆر بە دەگمەن (دن) و (ڕێگر) و (زیناکار)یان تێدا دەبینرێت و دیاردەی ڕەدوکەوتنی ژنان لەناو شەبەکدا وەك نەبوو وایە.

## بویروق: کتێبی تەریقەت

کتێبی بویروق واتە (المناقب) (فەرمان) لە ڕاستیدا کتێبی پیرۆزی قزڵباشە عەلەوییەکانە کە گرینگیەکی تایبەتی لای هەموو پەیرەوکارانی عەلەوی دا هەیە کە پێیان وایە یاسا و فەرمانەکانی ئەم کتێبە پیرۆزە لە لایەن حەزرەتی ئیمام جەعفەری سادق (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە و لە لایەن شێخ سەفیەدین ئەردەبیلی تەلقین کراوە. ڕاستییەکەی کتێبی (بویروق)ی شەبەکەکان هەمان کتێبی (صفوە الصفا)ی ئیبن بەزاز نییە، کە ساڵی ١٩١١ لە بۆمبای چاپکراوە. کتێبی (بویروق)ی شەبەك بەلای زۆرییەوە لە نیوەی دووەمی سەدەی پانزەهەم نووسراوە و کتێبەکە تەنیا گفتوگۆیەکە لەنێوان قوتبی عارفین سەفیەدین ئەردەبیلی (١٣٣٤ز) و صەدرەدینی کوری (١٣٩١ز)، کوڕ پرسیار دەکات و باوکیش وەڵام دەداتەوە. کتێبەکە بە زمانی تورکی ئازەری نووسراوە و کتێبی ئایینی پیرۆز نییە وەك هەندێك نووسەر باسی دەکەن و (عەززاوی) لای وایە بویروق (زیاتر کتێبێکی قزڵباشییە نەك شەبەك). ئەم کتێبی (بویروق)ە کتێبی هاوبەشی تایەفەیەکی دیکەشە بەناوی (ئیبراهیمییە) هەر لە هەمان ناوچەدا. محەمەد عەلی سوڵتانی لە پێشەکی چاپی کوردیی (بویروق) زۆر جوان بۆی چووە کاتێك نووسیوە: ((لە ڕاستییدا ئەم کتێبە بنەمای (دار التقریب) ی تاقمە عەلەوییەکانە و بەتەواوی لەم ئاوێنەیەدا، بنج و ڕیشەکانی داو و نەریت و ڕێورەسمەکانی یارسان، بەکتاشی، قزڵباش، عەلەوی و شەبەك بە باشی دەبینرێنەوە)) [(٢)]. جگە لە کتێبی (بویروق) شەبەکەکان کتێبێکی سرووتی ئایینیشیان هەیە بە ناوی (گولبەنگ) کە بریتییە لەو هۆنراوە ئایینیانەی کە بۆ پارانەوە و نزای ئایینی نووسراون.

---

(1) Minorsky, V, « Shabak », In Encyclopédie de lIslam, t IV, E. J. Bril, 1934, pp. 427-428.

(٢) د. موحەمەد عەلی سولتانی: گەنجینەی فەرهەنگ و باوەری عەلەوی، بویروق فەرمانی حەزرەتی شێخ سەفی "کتێبی پیرۆزی شەبەك"، وەرگێرانی ئارەشی ئەمجەدی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل ٥

## مەزارگە و مەراسیمە ئاینییەکانی شەبەك:

شەبەکەکان ساڵانە ئەم ڕێو رەسمە ئاینییانە ئەنجام دەدەن:

١- زیارەتی مەرقەدی عەبباس: ئەم مەرقەدە لە ئاوایی عەباسییە دروست کراوە و کەوتۆتە سەر ڕووباری خەوسەر. شەبەکەکان هەردوو رۆژی یەکەم و دووەمی جەژنی قوربان و رەمەزان بە سواری ئەسپ زیارەتی دەکەن.

٢- زیارەتی مەرقەدی حەسەن فەردۆش: ئەم مەزارە دەکەوێتە ئاوایی دەراویش و لەسەر رێگەی بەعشیقەیە. ئێزیدییەکانیش ڕێز لەم مەرقەدە دەگرن و زیارەتی دەکەن. لە ڕۆژانی هەینی لە بەهاران زیارەتی دەکەن و بەم مەراسیمە دەوترێت هەینی (تەواف).

٣- زیارەتی مەرقەدی عەلی رەش: کەوتۆتە ئاوای عەلییە ڕەش و هەروەها پێشی دەڵێن (زینو ئەلعابدین چوارەم ئیمامی شیعەکان). شەبەکەکان بایەخێکی زۆر بەم مەزارە دەدەن و رۆژانی یەکەم و دووەمی جەژنی رەمەزان و قوربان زیارەتی دەکەن.

٤- مەرسیمی رەجم کردنی گۆڕی عوبەیدوللا بن زیادی ئومەوی. شەبەکان لە وەرزی بەهارانی هەموو ساڵێك لە بیست کیلۆمەتری رۆژهەڵاتی شاری مووسڵ کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی رەجمی گۆری عوبەیدوللا بن زیاد بکەن (کە لە ساتەوەختی روداوەکەی کەربەلا حاکمی شارەکە بووە و بەرپرسیارە لە تراژیدیای کەربەلا) و ئەوهێندە بەردەی لەسەر گۆرەکەی کۆبۆتەوە بۆتە گردێك. هیچ کەس بەوشوێنەدا تێپەر نابێ ئەگەر گۆڕەکە رەجم نەکات[1].

شەبەك سێ شەوی پیرۆزیان هەیە:

١- شەوی سەری ساڵ زایینی لە ١ ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵ، یەکێکە لە شەوە پیرۆزەکان لای ئەوان و بەگوێرەی وتەی پیاوانی ئایینی دەشێ لە رۆژێك لە دە رۆژەکانی یەکەمی مانگ بێت.

٢- شەوی دانپیانان: ئەو شەوەیە کە شەبەکەکان لەبەردەم پیرەکانیان دان بە هەڵە و گوناهەکانی خۆیان دەنێن و لەو شەوەدا پیر یان (بابا) وێردی ئایینی (گولبەنك) تایبەت بە دانپیانان دەخوێنێتەوە.

٣- شەوی غەفران (özur gecesi) کە لە کۆبوونەوەکە داوا بەخشین لە یەزدان دەکەن لە گوناهەکانیان، شایانی گوتنە ژن و پیاو لەم مەراسیمە ئاینییەدا ئامادە دەبن. دەبێ بگوترێت کە پێویستە لە ریورەسمە ئایینییە ساڵانەییەکان ئەم دوانزە کەسە ئامادە بن کە رەمزن بۆ هەر دوانزە ئیمامی شیعە:

١- پیر: سەرۆکی ڕۆحیی شەبەك و بەرێوەبردنی رێورەسمە ئایینییەکان بەرێوە دەبات.

٢- رەهبەر: پلەکەی لە خوار پیرەوەیە و یاریدەی پیر دەدات لە ڕێو رەسمەکان.

٣-چراغ هەڵگر: چرا هەڵدەگرن لە شەوی سەری ساڵ.

٤- گەسك هەلگر: شوێنی کۆبوونەوە ئایینیەکان پاك دەکاتەوە.

٥- ساقی

٦- قەصاب

٧- کارەکەری یەکەم

---

[1] احمد حامد الصراف: المصدر السابق، ص١١٧.

٨- کارەکەری دووەم

٩- کارەکەری سێیەم

١٠- کارەکەری چوارەم

١١- دەرگەوانی یەکەم

١٢- دەرگەوانی دووەم

ئەم دوانزە کەسە رەمزن بۆ باوەری شیعەی دوانزە ئیمامیی. دەبینین سترەکتووری ئایینی تایەفەی شەبەك لە رووی سترەکتووری پلەبەندی (هیرارشی) هاوشێوەی سترەکتووری ئایینی عەلەوی، یارسان و ئێزیدییەکانە. هەر کەسێکی گەورە پەیوەستە بە (پیر)ێکەوە کە شێخی رۆحیی ئەو کەسەیە. وەزیفەی پیر بۆماوەییە و دەبێ هەر خێزانێك پەیوەندی لەگەڵ پیری خۆی هەبێ. هەموو رێورەسمەکانیش لە رێگەی (پیر)ەوە بەرێوە دەچن و زۆربەی کاتیش ڕەهبەرێك لە رێورەسمەکە بەشداری دەکات و ئالیکاری (پیر) دەکات و لە هەموو رێوەسمە ئاینییە ساڵانەییەکان دەبێ ئەم دوانزە کەسەی لەسەرەوە باسمان کرد بەشداری بکەن. [١]

4-جگە لەوە شەبەکەکان لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی موحەرەم مەراسیمی عاشورا دەگێڕن و هەموویان جلی رەش دەپۆشن و دوای تەواوبوونی دەیەم رۆژی عاشورا بۆ ماوی ماوی سی (٣٠ رۆژ) بەرۆژوو دەبن (گۆشت خواردن لە خۆیان حەرام دەکەن). [٢]

## داب و نەریت

(پیر) بابا خاڵی سەرەکییە لای شەبەك، لە دایبکوونی منداڵ پیرۆز نابێ ئەگەر بابا دوعای خێری بۆ نەکات و (گولبەنگ)ی بۆ نەخوێنێ. بە هەمان شێوە (پیر) لە ڕێورەسمی ژنهێنان و شووکردندا گرێبەستەکە دەکات و ئامادەی خۆشییەکان دەبێ لە ماڵی زاوا و دەهۆڵ و زورنا دەکوتن و هەموو پێکەوە هەڵدەپەرن. هەرچی لە کاتی مردنە، بابا خۆی لە ماڵی مردوو ئامادە دەبێت و مردووەکە دەشوات و دوای ناشتنی مردووەکە خاوەن مردووەکە خواردنێك ئامادە دەکات و بەسەر هەژارانی ئاوایی دابەشی دەکات. (ڤیتال) دەنووسێ کە ((دەروێشە شەبەکەکان لەسەر مردووەکانییان ئەو وتانە دەڵێن کە واتاکانیان ئاوایە خودای گەورە بتبەخشێ، ئیمام رەزا رۆحی خراپەت لێ بەدوور بخاتەوە. ئەگەر عیزرایل هات و رۆحت بکێشێ، پێی بڵێ: (من شەبەکم! شەبەك! شەبەك! و تۆ لە ئاسمان بەختەوەر دەبیت)) [٣]. شەبەکەکان وەکو یارسانەکان و ئێزدییەکان سمێڵ بەردەدەنەوە و کاتێکیش نان دەخۆم بە دەستی چەپیان سمیڵیان دەگرن تا پیس نەبێ و نابێ سمێل و ریشیان بتاشن و دراوسێکانیان لەم سۆنگەیەوە ناویان ناون (خوار) بەوەی مەزهەبیان خوارە و ئەگەر بانگیان بکەن بە (هۆ کەسە خورارەکە) بانگیان دەکەن[٤].

---

[1] Martin van Bruinessen, “A Kizilbash Community in Iraqi Kurdistan: The Shabak”, in Les Annales de lAutre Islam 5 (1998), Paris, p 192.

[٢] احمد حامد الصراف: المصدر السابق، ص ١١٧

[3] Cuinet, Vital, La Turquie d’Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure, Ed. E. Leroux, t II, Paris, 1891, p. 767.

[٤] الاب انستاس الكرملي: المصدر السابق، ص ٥٨٢

## تەعریب: باجی کورد بوون

لەگەڵ دەسەڵات گرتنەدەستی بەعس لە ١٩٦٣ تا ڕووخانی سەدام حوسێن شەبەکەکان قوربانی دەستی سیاسەتی تەعریبی بەعس بوون. فشاری بەعس و چاوی بەعس زۆر بە توندی بەسەر ئەم تایەفە بچووکەوە بووە. لە ساڵی ١٩٧٧ و بە فەرمانی تایبەتیی سەدام حوسێن بڕیاردرا نەتەوەی شەبەك بگۆردرێت بۆ عەرەب و لە هەموو دام و دەزگاکان بە عەرەب تۆمار بکرێن. بەعس لە ئاماری (تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧) داوای لە شەبەکەکان کرد بوو خۆیان یان بە عەرەب یان بە کورد بنووسن. دوای ئەوەی شەبەکەکان خۆیان بە کورد دەنووسن، بەعس بڕیاری وێرانکردن و ڕاگوێزانی کوردە شەبەکەکان دەردەکات و بەدرێژایی ساڵەکانی (١٩٨٨-١٩٨٩) زیاتر لە (٢٢) ئاوایی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و وێران کران و زیاتر لە ٣ هەزار خێزان ڕاگوێزرانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرملێیەکانی دەشتی حەریر و بازیان و چەمچەماڵ.[1] لە بروسکەنامەیەکی نهێنی دائیرەی ئەمنی هەولێر کە بە ئیمزای بەڕێوەبەرەکەی لە ٣١ ی ئابی ١٩٨٨ دەرچووە و (بەڵگەنامەکە لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ دەستی بەسەرداگیراوە) لەو برووسکەنامەیەدا هاتووە:

((دائیرەی ئەمنی هەولێر

31ی ئابی ١٩٨٨

س. ج. س ١٣٠٦٩

1-چەند تاقمێك لە شەبەکەکان پێوەندییان بە ئەفواجی بەرگری نیشتمانیی کردووە و نەتەوەی خۆیان لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی و لە پارێزگای مووسڵ نیشتەجێن.

2-لەسەر بڕیاری هەڤاڵی بەڕێز عەلی حەسەن مەجید، ڕازگری نووسینگەی ڕێکخستنەکانی باکوور بڕیارداوە ماڵەکانیان تێك و پێك بدرێت و رابگوێزرێنەوە بۆ ئۆردوگاکان لە پارێزگای ئێمە و بە هیچ شێوەیەکیش قەرەبوو نەکرێنەوە.

بۆ زانیاری و جێبەجێکردنی ئەوەی پێویستە و ئاگادارمان بکەنەوە.

ئیمزا

عەقیدی ئەمن

بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر))[٢]

لە پاییزی ١٩٩٠ ڕێگەیان پێدرا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و شوێنی نیشتەجێی خۆیان بەمەرجێك ئەگەر ڕەگەزی خۆیان بگەڕێنەوە سەر نەتەوەی عەرەبی. دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار بە نووسراوی ژمارە ٩٩٢/٧ لە ١٩٩٠/١١/٤ ڕێگە بە شەبەکان دەدات بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان بەڵام پاش ئەوەی ڕەگەزی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ سەر نەتەوەی عەرەب.[٣]

تەنانەت بەعس بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو بە ڕەسمی ناوی هەموو گوند و ئاواییە کوردییەکانی شەبەکەکانی گۆڕی بۆ ناوی عەرەبی بۆ نموونە ناوی ئەم شوێنانە بەمجۆرە تەعریب کرا:

١- بازیۆە – بازوایا

٢- وەرتە خراپ-اورطة خراب

---

[١] عباس الامامي: المصدر السابق

[2] Michiel Leezenberg, The Shabak and the Kakais: Dynamics of Ethnicity in Iraqi Kurdistan, Volume 94, Numéro 7, ILLC Research Report and Technical Notes Series, University of Amsterdam, December 1994, p. 8.

[٣] الدكتور سالم الشبكي: انساب الشبك (صوت العراق) www. sawtaliraq. com

٣- تل یاره-طلیارة

٤- باچربوغ-ابوجربوع

٥- گۆرغەریبان-ابن قریبان

٦- ئۆمەر قامچی- عمر قمچی

٧- كانی نۆ- كانوونه

٨- سیٚ كەند-باریمه

٩- وەرسیحاق-السماتیه

١٠- عەباس-العباسیه

١١- سمر-الشمیات

١٢- ئۆمەركان-العمرانیه[١].

## شەبەك چ ئاسۆیەك؟

شەبەك تەنیا یەك هۆز و یەك مەزهەب نین وەكو مەسیحی و ئێزیدییەكان كە پێوەندییە ئایینییەكان بتوانیٚ كۆیان بكاتەوە. جگە لەوە ئەوان كەمینەیەكی ئایینی بچووكن و لەناوچەیەكدا دەژین كە كۆمەلێك ئیتنی و ئایینی جیاوازی تییّدا دەژین. لە دوارۆژدا داخوازییە نەتەوەییەكانی مەسیحییەكان بە دروستكردنی هەرێمی پێدەشتی نەینەوا بەشێكی زۆری لەگەل داخوازییە نەتوەییەكانی شەبەك لەسەر كێشەی خاك بەرەو رووی یەك دەبنەوە. ناوچەیەك كە هەم مەسیحی و هەم شەبەكەكانیش چاویان تێبڕیوە. ئەمرۆ لەناو شەبەك دوو ڕەوت هەیە. ڕەوتێكی زۆریینە كە رەوتێكی مێژووییە و خۆی بە بەشێك لە كوردستان و خاكی كوردستان دادەنێت و خۆی لە نەتەوەی كورد جیاناكاتەوە هەروەها رەوتێكی ناسیۆنالیزمی ئیتنیخوازیش هەیە كە داوای پێكهێنانی قەوارەیەك دەكات بەناوی (شەبەكستان).

---

[١] خەسرۆ گۆران: كورد لە پارێزگای مووسلّ، لە بلاّوكراوەكانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢ ل ل ٩٥-٩٧

## ئەنجامگری

شەبەك هۆزگەلی کوردیین و لەرووی زانستی زمانەوە شەبەك بە زمان کوردن و بە دیالێکتەکانی گۆرانی-هەورامی قسەدەکەن، بە ئایین موسڵمانن (شیعەی جەعفەری و سوونەی شافیعی) و بە عەقیدەی سۆفیگەری و رێورەسمی ئایینیشیان سۆفیگەری قزڵباشن و تەرەفداری سەفەوییەکان بوون و لە هەمووشی گرینگتر ئەوەیە لەناو خاکی کوردستاندا دەژین. تا ئێستا کەس نازانێ بە وردی شەبەك لە چ سەردەمێکەوە لەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون. بەڵام شیمانەی بەهێز ئەوەیە لەنێوان سەدەی پانزەهەم-سەدەی حەڤدەهەم کۆچیان کردبێ بۆ مووسڵ و شەبەکەکان لە بنەواندا بەشی زۆریان بریتین لە هۆزەکانی (باجەلان، دونبولی، کەلهور، هەمەوەند، گۆگجەلو، زەنگەنە، گێژ، رۆژبەیانی) کە لە سەدەی پانزەهەمەوە چوونەتە سەر تەریقەتی سۆفیگەری سەفەوییە (قزڵباش). بەڵام پێدەچێ برێك عەشیرەتی تورکمانیش کەوتبێنەتە ناو ناوەندەکە و لەگەڵیاندا تیکەڵاو بووبن. راستییەکەی ئەوەیە شەبەك پێوەندییەکی نزیکیان بە تەریقەی سۆفیگەری سەفەوی (قزڵباش)ەوە هەیە و لە ڕووی پراکتیك و باوەڕی ئایینییەوە لە عەلەوییەکانی ئەنادۆڵ نزیکن، بەڵام لە ڕووی زمانەوە بە شێوەزاری گۆرانی-هەورامی قسە دەکەن کە شێوەزارێکی رەسەنی زمانی کوردییە. ئاشکرایە هیچ کات ناسنامەی ئایینی هاوجوت نییە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی و لەرووی بنچینەی نەتەوەییەوە ئەوە (زمان)ە کۆڵەگەی نەتەوەیە نەك (ئایین).

## لیستی سەرچاوەكان

**یەكەم- كتێب:**

**أ-بە زمانی كوردی:**

١- خەسرۆ گۆران: كورد لە پارێزگای مووسڵ، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢-جەرجیس فەتحوڵلا: وریابوونەوەی كورد: مێژوویێكی سیاسی ١٩٠٠-١٩٢٥، و: حەسەن جاف، بەرگی دووەم، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.

٣- د. موحەمەد عەلی سوڵتانی: گەنجینەی فەرهەنگ و باوەری عەلەوی، بویروق فەرمانی حەزرەتی شێخ سەفی"كتێبی پیرۆزی شەبەك"، وەرگێرانی ئارەشی ئەمجەدی، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

**ب-بەزمانی عەرەبی:**

٤- یاقوت الحموي الرومي البغدادي: معجم البلدان، دار صاد، بیروت، لبنان، ١٩٧٧

٥- ابن فضل اللة العمري: مسالك الابصار في ممالك الامصار، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ٢٠١٠، ج ٣

٦- المقريزي: السلول لمعرفة دول الملوك، منشورات محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ١٩٩٧، ج ١.

٧-احمد شوكت: الشبك: الكورد المنسيون، حكومة اقليم كردستان، وزارة الثقافة، السليمانية، ٢٠٠٤

٨-احمد حامد الصراف: الشبك من فرق الغلاة في العراق، بغداد، مطبعة المعارف، ١٩٥٤

٩- فواد حمة خورشيد: اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، بغداد، مطبعة الوسام، ١٩٨٣، ص ٢٧

**ج-بە زمانی ئینگلیزی:**

10-Matti, Mossa, extremist Shiites (The Ghulat Sects), Syracuse University Press, New York, 1987.

11-Michiel Leezenberg , ILLC Research R The Shabak and the Kakais: Dynamics of Ethnicity in Iraqi Kurdistan,Volume 94,Numéro 7, Report and Technical Notes Series, University of Amsterdam, December 1994.

12-Foreign Office, Mesopotamia, Handbooks n° 63, London, 1920.

**د-بە زمانی فەرەنسی:**

13-Cuinet, Vital, La Turquie d'Asie: géographie administrative, statistique, descriptive et raisonnée de chaque province de l'Asie-Mineure, Ed. E. Leroux, t II, Paris.

**دووەم: گۆڤارەكان:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

١٤-الاب انستاس الكرملي:"تكفهة الادهان في تعريف ثلاثة اديان"، مجلة المشرق، بيروت، ٥ (١٢) ١٩٠٢

١٥-زهير كاظم عبود: الشبك في العراق، (التاخي)، ع ٤١٩٧، ٢٠٠٤/٣/٢٩

**ب- بەزمانی ئینگلیزی:**

16-Martin van Bruinessen,"A Kizilbash Community in Iraqi Kurdistan: The Shabak", in Les Annales de lAutre Islam 5 (1998), Paris.

17-Mark Sykes,"The Kurdish Tribes of the Ottoman Empire,"In Royal Anthropological Institute of Great Britain and Ireland Journal 38 (1908).

18-Vinogradov, «Ethnicity, Cultural discontinuity, and power brokers in northern Iraq: the case of the Shabak». In: American ethnologist, v 1, n° 1, 202ebruary 1974

**سێیەم: ئینسکلۆپیدیا:**

**-بەزمانی فەرەنسی:**

19-Minorsky, V, « Shabak », In Encyclopédie de lIslam, t IV, E. J. Bril, 1934.

**چوارەم: سەرچاوی ئینتەرنێت:**

٢٠-عباس الامامي: الشبك في تاريخ العراق و حاضرة و حقوق الاقليات في قانون انتخابات المحافضات و الاقضية و النواحي، شبكة النبأ المعلوماتية – الاحد ٢/تشرين الثاني/٢٠٠٨ – ٣/ذي القعدة/١٤٢٩

٢١- الدكتور سالم الشبكي: انساب الشبك (صوت العراق) www. sawtaliraq. com

## پاشکۆی ژمارە (١)

## دابەشبوونی دیمۆگرافیایی کەمەنەتەوەکان لە کوردستانی عێراقدا




Michiel Leezenberg , ILLC Research R The Shabak and the Kakais: Dynamics of Ethnicity in Iraqi Kurdistan,Volume 94,Numéro 7, Report and Technical Notes Series, University of Amsterdam, December 1994, p. 18

## پوختەی باس

شەبەك گروپێکی فرە–ئیتنۆئایینی و فرە–زمانەوانین. بەشێوەیەکی گشتی لە گوندەکانی سنووری پارێزگای مووسڵ دەژین. کۆمیونیتەیەکی بچووکن و ژمارەیان لە ئێستا دا لەنێوان سەد هەزار (١٠٠,٠٠٠) بۆ سەد و پەنجا هەزار (١٥٠,٠٠٠) دانیشتوان دەبێ. لە ڕووی ئایینییەوە بەشی زۆرینەیان شیعە مەزهەبن (شیعەی دوانزە ئیمام) و بەشی دیکەیان سوننە مەزهەب (سوننەی شافیعی)ین. شەبەك ئایین و مەزهەبێکی تایبەت نییە بەڵکو زیاتر تەریقەیەکی سۆفیگەرییە و زیاتریش لە پێڕەوکارانی(قزڵباش)ن. ئەم ناونانە لە بنەواندا چەتری چەند هۆزێیکی کوردین و سەر بە کۆنفیدراسیۆنی عەشیرەتی گۆران و باجەللانن بەڵام بەدرێژایی مێژوویان هۆزی دیکەی تورکمان و عەرەبیشیان تێکەڵ بووە. زمانەکەیان سەر بە گروپی زمانەکانی باکووری ئێران و لقە دیالێکتی کوردیی– گۆرانی–زازا (هەورامانییە). لە بارەی بنچینە و ناسنامەیان بیروڕای زۆر جیاواز هەیە، بەڵام زۆربەی مێژوونووسەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوانە لەنێوان سەدەکانی (١٣ تا ١٧) ی زایینی و بە ڕوویێکی تایبەتیش لە دوای هێرشی مەغۆلەکان تا دەستپێکی سەدەی شانزەهەم (بە شیمانەی زۆرەوە) لە جنووبی خاکی ئێرانەوە پەریوەی ئەم ناوچەیە بوون، بەڵام بۆ ئەمە تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی لەبەردەستدا نییە. شەبەك لە ڕووی زمان و خاکەوە بەشێکن لە کوردستان و تەنیا کتێبی (بویروق) کە کتێبێکە لەبارەی ئیرشادی سۆفیگەرییەوە و برێتییە لە فەرمانەکانی شێخ صەفی ئەددینی ئەردەبیلی، بە زمانی تورکی ئازەری نووسراوە و ئەمە وای لە بەشێکی لێکۆلەرەوەکان کردووە کە بەهەڵە بنچینەی شەبەك بە تورك بزانن. ئەمڕۆ هەندێك لایەنی زۆر کەم لەناو شەبەکەکان هەن کە کار بۆ ئەوە دەکەن شەبەك وەکو نەتەوەیەك یان ئیتنییەکی جیاواز لە کورد نیشان بدەن و ناسنامەیەکی تایبەت بە شەبەك بدەن کە بەلای کەمییەوە ناسنامەیەکی کوردیی نەبێت. ئەم لێکۆڵینەوە بە وردی تیشك دەخاتە سەر بنچینە و دابەشبوونی ئیتنۆ–ئایینی و کتێبی پیرۆزیی ڕێوڕەسمی سۆفیگەریانەی شەبەك و ناوی مێژوویی و زمانی شەبەك و داب و نەریتیان و ئاسۆبینینی دوارۆژی ئەم تایەفەیە.

## ملخص البحث

## الشبك تاريخهم، لغتهم و ديانتهم

الشبك طائفة متعددة الأثنيـة والأديـان ومتعـددة اللغـات أيضـا وهـم بصـورة عامـة يعيشـون في قـري حـدود محافظـة الموصل. إنهم طائفة صغيرة يتراوح عددهم في الوقت الحاضر بين مئـة ألـف الـي مئـة وخمسـين ألـف نسـمة. ومـن حيـث الديانة فإن غالبيتهم من أتباع مذهب الشيعة الأثني عشرية وقسم آخر منهم من مذهب السنة الشافعية. ليس للشـبك ديـن أو مذهب خاص بهم بل هم صوفيون من أتباع (قزلباش). تسمية الشبك من حيث الأساس هـي غطـاء لعـدد مـن القبائـل الكردية الموالين لاتحاد عشائر گۆران وباجلان ولكن اختلطـت بهـم علـي التـاريخ قبائـل أخـري تركمانيـة وعربيـة أيضـا. تنتمي لغتهم الي مجموعة لغات شمال إيران وفرعي اللهجات الكرديـة –گـۆرانی–زازا (الهورامانيـة). وهنـاك مختلـف الاراء حول أصولهم وهوياتهم، بيد أن العديد من المؤرخين متفقون علي أنهم قد انتقلوا في القرون (١٣–١٧) الميلاديـة ولاسـيما بعد هجوم المغول والي بداية القرن السادس عشر(علي أكثر تقدير)إنتقلـوا مـن جنـوب اراضـي إيـران الـي المنطقـة هـذه، ولكن ليست لدينا أية وثيقة تاريخية تثبت هذا الرأي. والشبك من حيث اللغة والأرض جـزء مـن كردسـتان غـير أن كتـاب (بويروق)، المتضمن إرشادات صوفية وهي أوامر الشـيخ صـفي الـدين الأردبيلـي المكتوبـة باللغـة التركيـة الآذريـة، جعـل بعض الباحثين ينسبون أصل الشبك خطأ الي الأتراك. واليوم هناك قلة مـن الشـبك يعملـون مـن أجـل تبيـان أن الشـبك قومية أو إثنية مختلفة عن الكرد ويحاولون إبـراز هويـة خاصـة بهـم، علـي الأقـل، لا تكـون كرديـة. هـذه الدراسـة تسـلط الضوء بدقة علي أصل الشبك وتوزيعهم الأثني–الديني وكتابهم المقدس و عن الطريقة الصوفية والأسماء التاريخيـة ولغـة الشبك وعاداتهم وتقاليهم ورؤية المستقبلية للطائفة.

# Abstract
## The Shabak their history, language and Religion

The Shabak is a multi-ethnic-religion and a multi-language faction as well. They live in the villages of Mosul Governorate vicinities. Currently, their population number varies between 100 000 to 150 000 capita. Most of them are adherents of Shia of Twelver Imams and a group of them is of Sunni Shafi'I doctrine. Shabak have no specific religion of doctrine, they are Sufis and adherents of Qezelbâš. The Shabak nomination is a cover of a number of Kurdish tribes of Goran and Bajalan Confederation, but some other Turkic and Arabic tribes were merged in them along history. Their language belongs to north-Iranian group and Kurdish-Gorani-Zaza dialects (Hawramani). There are lots of opinions about their origin and identity, howere, most historians agreed on that Shabak had moved throughout 13-17 centuries, especially after Mogul invation and until the beginning of 16 century, moved from southern territories of Iran to their current region, but there is no historical document to prove this approach. For their language and land, Shabak has (Buweruk) book, which consists in mystical sufi instructions that are ShekhSaffi-addinArdabiliorders written in Turkic-Azari language, made some researcher ascribe that the origin of Shabak, erroneously to Turks. Nowadays, there is a small group of Shabak works on showing that Shabak are nation or ethnic different from Kurds; they try to display a special identity of them, but not Kurdish at least. This study spotlights accurately the origin of Shabak , their ethnic- religion distribution, their holy book on their Tariqa of sufism, historical names, language, customs and traditions and the faction's future visions.